# قەڵادزێ..بۆئەوەی لەخۆی بچێت

**ئەرسەلان مەحمود**
Amk974@yahoo.com



قەڵادزێ، وەك شار..ڕیشەی مێژووی خۆی هەیە، دوێنی دیرۆکی ئەوشارە، تادەگاتە بەهاری ئازادی ساڵی ( 1991 ) لێوان لێوە، لە ڕووبەڕووبونەوە و ڕاپەڕین و یاخیبوون، تەنانەت نەخشی سەرمەشقی لە داهێنانی شێوەخەباتی نوێی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی لە خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی و نەتەوەیدا بینیوە.

هەژدە ساڵ دوای ئەوەی باشوری کوردستان ( ئەم بەشە ڕزگارکراوەی نیشتیمان ) بەعیراقی عەرەبیەوە دەلکێندرێ، واتە دروست لە ( 1938 ) بۆ یەکەمینجار ئەو دەڤەرە، بە هۆی بەرەنگاری پێکهاتە جۆراو جۆرە کۆمەڵایەتیەکانی، دەکەوێتە بندەستی ڕژێمی ئەوسای عیراق..بێگومان قوربانیەکانیشی (کەسەرئەنجام لە " 1989/6/26 " بە تەرحیل و خاپورکردنی ناوچەکە تەواو بوو ) ئەوەندەی باڵای چیاکانی ئەم لاو ئەولای پشدەر باڵایان هەیە، لە ( 1974/4/24 ) بەبەرچاوی دنیایی بەرژەوەند پەرست و ئایدۆلۆژیا ویستی ئەو ڕۆژگارە، بۆ یەکەمینجار بوو دوای ( هێرۆشیماوناکازاکی ) چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەسەر سنگی ئەو شارە شۆڕشگێرە بێنازەی ئەمڕۆ تاقیکرایەوە، هەروەك چۆن، یەکەمین پرۆڤەکانی جینۆساید کردنی خەڵکی کوردستانیش، هەر لەو شارەوە دەستیان پێکرا..




قەڵادزێ..سەرەڕای ئەوەی بەدرێژای مێژووی خۆی، مەکۆی شۆڕش و شۆڕشگێران بووە، لە زەمان و زەمینە پڕکێشمەکێش و تاریکەکاندا، ڕێژەی دانیشتوانەکەی لە چەند هەزارکەسێك ( بە پێچەوانەی زۆرێك لەشارو شارۆچکەکانی دنیا کە لەدواپلەی گەشەکردوویی شاردا بوون ) تێپەڕی نەکردبوو، بەو مانایەی پرۆسەی گەشەسەندنی وەك شار، لەو ئاستەدا نەبوو، عەشیرەت، یان بنەماڵە و تیرەو هۆزەێك، پێکهاتەی جێنشینی قەڵادزێیان پێکدەهێنا، خەڵکەکەی زۆرتر مژوڵی کشتوکاڵ و ئاودێری و بەخێوکردنی مەڕو ماڵات و سەرگەرمی ڕەزو باخەکانیان بوون، کەمتریش ئاگاداری یەکتربوون، ئەو پێکهاتە یەکانگیریەی ڕاستیە مێژووییەکانیش باسی لێوەدەکەن و گەواهی بۆ دەدەن، زۆرتر لەژێر سایەو سێبەری خزمایەتی و پەیوەستبوونە عەشایری و تایفیەکاندا، بوون..ئەمانەو زۆر لایەنی تری لاواز بۆ چاندنی تۆوی یاخیگەرایی و سەر هەڵدانی ڕاپەڕینەکان، قەڵادزێ ڕادەپەڕی و یاخی دەبوو، تێدەکۆشاو بێدەنگ نەدەبوو، داهێنانی دەکردو سڵی لە قوربانیدان نەدەکردەوە، جا ئەو ڕاپەڕین و یاخی بوون و ڕووبەڕوو بوونەوانە سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان نیشتیمانی و نەتەوەیی یان هەرشتێکی تربووبن، نەتوانراوە بەگشتی شار بێدەنگ بکرێت، تەنانەت لە ( 1991/3/4 ) لەناو جەرگەی دەستەڵاتی ڕژێمی پانناسیۆنالیزمی عەرەبی عیراقی پێشووی هەڵوەشاوە، قەڵادزەییەکان، ڕاپەڕین و دەسیشیان بەسەر داموودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێمدا گرت، خۆ ئەگەر ڕاپەڕین لە ڕانیەی دەروازەوەی ڕاپەڕینەوە بەر لەبەرنامەکانی بەرەی کوردستانی بۆ ڕاپەڕین شکۆفەو دەستی پێنەکردبایەو سەرکەوتن بەدەستنەهاتبا، ئایندەی پشدەریەکان، لەئایندەی گەرمیانی و ناوچەو خەڵکە ئانفالکراوەکانی تری کوردستان باشتر نەدەبوو، کەوابوو..نەوەکانی دوێنێی ئەوشارە، دروست نەوەو پێکهاتەو هاوشاری سەردەمی خۆیانبوون، لەبەجێگەیاندنی ئەرکی سەرشان و سەربەرزی لە ئاست ئۆباڵە مێژووییەکان کەمیان نەکردوە، کە جێگەی باسکردن و شانازیپێوەکردن نەبێت، بەڵام لەدوای بەهاری ئازادییەوە، قەڵادزێ بەڕەغمی ئەو هەموو وێرانی و بێنازی و نەبوونی خزمەتگوزارییەبابەتیەکان، ( دوور لە لێکدانەوەی ناتەندروست ) چۆتە سوری متبوونەوە، جگە لە

بێدەنگ بوون، نەوەکانی ئەمڕۆ و خەڵکی شار بەگشتی چییەکی تریان لێبەدی نەکراوە، تا ئێستاشی لەگەڵدابێ پشدەر لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەدەروەی هەرێم ئەژمار دەکرێت، وێڕای ئەوەی نەتوانراوە، نەخشی شار گەشەی پێبدرێت، ئاوەدانی پێوە دیاربێت، تەنانەت تا ئێستاش، دوای شانزە ساڵ لە هەبوونی ئیدارات و حکومەتی هەرێم، پشت بە سەرچاوە سروشتیەکانی ئاو دەبەسترێت، لە جێگەی هەبوونی یاریگایەکی گونجاوی بۆ دروست بکرێت، کراوەتە شەرگەی تەقاندنەوەی ململانێ نێوخۆیی و چینایەتیەکان و شوێنی کوشتنی ویژدان، بە پێچەوانەوە، لە بەرامبەر هەرخوێندنگاو قوتابخانەیەك، دەیان مزگەوت دروستکراون، شارێکە باخچەیەك و کتێبخانەیەك و میوانخانەیەك و کۆمەڵگایەکی هونەری و ڕێگاو بانێکی بابەتی و پلانێك بۆ گەشە پێدانی کشتوکاڵ و تەنانەت گازینۆو کافتریایەك، ناوەندێکی ئینترنێتی تیادا بەدیناکرێ، زۆر تر لەو بارەیەوە، سەیرە، نەوەی نوێی ئەو شارەو خەڵکەکەی نەهێناوەتە سەرخەت بۆ داکۆکیکردن و پێداگرییەکی کرداری؟!..بڵێی ئەم هەموو بێدەنگ بوونە مایەی ڕازیبوون بگەیەنێ !؟..بڵێی لەبەرچیبێت، نەوەکانی ئەم شارە پرسیار لەخۆیان ناکەن و ئاوڕێ لە ڕابووردوویان نادەنەوە و هەنگاوێ بەرەو سبەی گەشەپێدانی بوارەکانی ژیان و ژیاری شارنادەن ؟!..بڵێی بۆچی دەستەڵات ناچار بەچارەسەرو بەدەنگەوەهاتنی پراکتیکی ناکەن؟!..تۆ بڵێی لە خەمی مەسەلەیەکی چۆنایەتی تردا بن و ئێمەومانان لێی بەئاگانەبین و نەپرژێنە سەر جۆرێك لەیاخیبوونی چۆنایەتی و لۆژیکی و عەقڵانەوە؟!..یان پەیوەستی وهەستکردن بەناسکی باروودۆخی ئێستای کوردستان، دەستی بەستوون و دەنگی کپکردوون؟!..یان هەرخودی پێکهاتەی ئەمڕۆی شار پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و شارنشینی ئاڵۆزو لاوازە و لە ئەنجامی گووندبوونەوەی شاردا، تاك و نەوەی پشدەری لە نێوان ئینتیما بۆ گەشەپێدان و خۆ ژیاندنی ( خێزان ) و باڵادەستی ( عەشیرەت ) و پایەدارترکردنی ( حیزب ) و ئینتیما بۆخۆی لێگۆڕاو لێ شێوێندراوەو ئاوە دەستەوەستان و نازانێ چیبکاتی کردوە !..

ئەگەر بڕیارە ( قەڵادزێ ) ڕەنگ و سیمای ( شار ) وەربگرێتەوە، ئەگەر دەگوترێ ( نەوەیەکی نوێی خستۆتەوە ) بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت ( قەڵادزێ ) لە خۆی بچێت، دەبێت هەموو کۆت و بەندێك لەپێناو ئاوەدانیدا، لە پێناو بە دیکۆمێنتکردنی ( 1974/4/24 ) و ( 1989/6/26 ) و قەرەبووی خەڵکی ناوچەکە بەگشتی بپسێنێ..دروستە، پەڕلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، تەنانەت حیزب و دەستەڵات بەگشتی، بەرهەمی ئەم خەبات و خوێن و قوربانیدانەن کە قەڵادزێ پشکی شێری لە تێکۆشان لەو پێناوەدا بەر دەکەوێ و لەسەرمان واجبە بیانپارێزین و خۆشمان بوێن، بەڵام دەبێ ئەوشبزانرێت، کەناکرێ خوازیاری ئاوەدانی بیت وناکرێ تامەزرۆی هەڵمژینی نەفەس و ژینگەیەکی ژیارییبیت و بەندو باو باڵۆرە نەخوازراوە دووبارەو چەندبارەو نەگونجاوەکانی سەردەم، تاسەر ڕازیت بکەن و تێکیان نەشکێنی، دڵی خێزان تادەگاتە حکومەت و پەڕلەمان بۆ جارێکیش نەێشێنیت، ناکرێ بتەوێ شار بەگشتی جوانبێت و باجێکیشی لە پێناو لەسەر نەدەیت..بەڵێ من لەڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانەم، کەدەست بە پاراستنی ئەمنی قەومیمانەوە دەگرن، گەشە بەحکومەت و بەشداری لەسەرخستنی پەیامەکانیدا دەکەن، ئەوەش بە ئەرکی سەرشانی هەرتاکێکی کوردەواری دەزانم، بەڵام ناشکرێ پەڕلەمان و حکومەت، حیزب و دەستەڵات، ئەو بارو هۆکارە تاسەر بۆ بێدەنگ بوون و ڕازیکردن، بەوێرانی شارو دەڤەرێکی وەك قەڵادزێ بۆ شانزە ساڵی ترو بەرەو دوورتر وەك پاساو بخاتە سەر ڕەفەکانی قەدەر، یان وەك پێویست نەبوونی توانستەکان.. کاتی ئەوە هاتووە، حیزب و دەستەڵات بەبەرژەوەندیەکانیاندا، بچنەوەو چاو لەو جۆرە بەرژەوەندیانەی دوێنی بپۆشێت ، چونکە بێگوێدانە مەرگ و سڵکردنەوەی بەربەستەکان، ئەو ڕۆژەش تادێ نزیکتردەبێت، شاربخرۆشێ و چیتر بوارنەدا بکرێتە قوربانی مەهامەکانی حیزبۆکراتی !..سەرئەنجام قەڵادزێ، دەیەوێت بژی..